شممەری: لە داهاتوودا بەڕێوەبرایەتی پۆلیسی فیدراڵی بەرپرسیارێتی ئەمنی ناوەندی پارێزگای کەرکوک و قەزای حەویجە لە ئەستۆ دەگرێت

عەبدولئەمیر شممەری، وەزیری ناوخۆی عێراق ئەمڕۆ سەردانی شاری کەرکوکی کرد و رایگەیاند، لە داهاتوودا بەڕێوەبرایەتی پۆلیسی فیدراڵی بەرپرسیارێتی ئەمنی ناوەندی پارێزگای کەرکوک و قەزای حەویجە لە ئەستۆ دەگرێت، ئەوەش لەکاتێکدایە لە ساڵی 2017وە شارەکە لە دەسەڵاتی سوپادایە.

عەبدولئەمیر شممەری، وەزیری ناوخۆی عێراق لەمیانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە شاری کەرکوک، رایگەیاند، "لە قۆناغی داهاتو بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی فیدراڵی و وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیارێتی ناو شاری کەرکوک و قەزای حەویجە دەگرنەدەست و ئەمە بەردەوام دەبێت لە فەرماندەیی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس لە کەرکوک".

ئاماژەی بەوەشکرد، لەگەڵ پارێزگاری کەرکوک رێککەوتن لەسەر تەواوکردنی پڕۆژەکانی تایبەت بە دانانی کامێراکانی چاودێری لەناوەندی کەرکوک.

وەزیری ناوخۆی عێراق وتیشی، "لە داهاتوودا گرنگیی زیاتر بە بازگەکانی پارێزگای کەرکوک و پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەدەین و ئامێری زیاتری سۆنەریان بۆ دابیندەکرێت".